# ئاگاداری

Millennium

**پەیمانگای میلینیۆم هەڵدەستێت بەپێشکەشکردنی خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بەشێوەزاری ئەمەریکی بەشێوازیکی مۆدێرن بەکۆمەڵێک گۆڕانکاری لەسیستەمەکەیدا.**

* شێوەی فێرکردنی زمان، وانەکانو کتێبەکان هەمان ئەوانەن کە لەکۆلێژو سەنتەرەکانی فێرکردنی زمان لەئەمەریکا بەکارئەهێندرێن.
* خولەکان بۆ ئاستی جۆراو جۆرو بۆ هەموو تەمەنێکە.
* خولی تۆفل TOEFL
* مامۆستاکان ئینگلیزی زمان یاخود ئینگلیزی زانن.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە: ٠٧٧٠٧٧٠٢٣١٢

یان سەردانی ماڵپەرمان بکەن: www.milac.net

**ناونیشان: سلێمانی ـ گەڕەکی بەختیاری، بەرامبەر پردی شاری جووان، ژ٣**

# ونبوون

- پێناسێکی ژووری بازرگانی بەناوی (ئاریان ئاوات مەحمود) ونبووە، هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ ژووری بازرگانی سلێمانی.
- پێناسێکی ژووری بازرگانی بەناوی (جەلال ئیبراهیم محەمەد) ونبووە، هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ ژووری بازرگانی سلێمانی.
- پێناسێکی ژووری بازرگانی بەناوی (سابر مستەفا عومەر) ونبووە، هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ ژووری بازرگانی سلێمانی.
- پێناسێکی ژووری بازرگانی بەناوی (شوان حەمە رەشید) ونبووە، هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ ژووری بازرگانی سلێمانی.
- پێناسێکی ژووری بازرگانی بەناوی (رۆژگار ئەوڕەحمان محەمەد) ونبووە، هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ ژووری بازرگانی سلێمانی.

# "کەس لەناو پارتیدا پێیخۆش نییە..پاشماوە

**ئاوێنە:** زۆر جار میدیا ئەهلییەکان باس لەوە دەکەن بکوژانی سۆرانو سەردەشت دیارنییە، هەرچەندە سەرۆکی هەرێمیش بەڵێنی داوە. ئایا ئەو کێشەیە چی بەسەرهات، بەتایبەتی مەسەلەکەی سەردەشت، ئایا بۆچی تائێستا راگەیاندراوێک لەلایەن پارتی نەبووە دەربارەی ئەمە؟

**مەحمود محەمەد:** کاتی خۆی کە ئەو رووداوەی سەردەشت روویدا ئێمە وەکو هەموو حیزبەکانی دیکە بابەتەکەمان هێشتەوە بۆ ئەوەی حکومەت رۆڵی خۆی ببینێت، لەراستیشدا ئەمە ئیشی حکومەتە، حکومەتیش پێک هاتووە لەو چەند حیزبەی لەناو پەرلەماندا هەنو بەشداری حکومەتیشیان کردووە. بەڵام لەناوەراستی وەزعەکەدا پەیامێک ئاراستەی پارتی کرا، کە پارتی بۆ هیچ وەڵامی ئەو بابەتە ناداتەوە، ئێمە بەرپرسیارنین وەکو پارتی لەوەی کە وەڵامی هەندێک بابەت بدەینەوە، حکومەت بەرپرسیارە لەوەڵامدانەوەیان. بەڵام کاتێک دیتمان وەڵامدانەوەیەکمان کرد، وەڵامدانەوەکە وای لێهات کە ئەوان بڵێن ئەمە هەڕەشەیە. کە قسەمان نەکرد گوتیان بۆ بێدەنگن، کە قسەمان کرد گوتیان زبرە. بەهەر حاڵ وەڵامی قسەکانی ئەوانمان دابووەوە، ئێمە وەڵامی هەڵویستەکانی ئەوانمان دابووەوە، وەڵامی ئەم هاندانانەی ئەوانمان دابووەوە، نەزیاتر. ئێستاش ئێمە بەباشی نازانین ئەو بابەتە ببێتە بابەتی پارتی، ئەمە مەوزوعی حکومەتە. هی دەزگا ئەمنییەکانە. راستە پارتی بەشێکە لەحکومەت، بەڵام حزبی دیکەش بەناو لەحکومەتدا هەن، حکومەت هی هەموو کوردستانە، کەواتە حکومەت دەبێت وەڵامی بۆ ئەم پرسیارە هەبێت، نەک پارتی دیموکراتی کوردستان.

# "دوای خەرجکردنی زیاتر... پاشماوە

بۆیە تەنها رەخنەمان لەسەر ٣٠٪ گرتووە کە ئێستا پێشکەشیان کردووە، بەبڕوای ئێمە دەبێت سەرلەنوێ ماستەرپلانێکی تازە بۆ سلێمانی دروست بکرێتەوەو ئەوەی ئێستا وازی لێ بهێنرێت، چونکە داتاو زانیارییەکانی کۆن بوون هەڵەی بنەڕەتی تیایە. ئێمە نازانین لەسەر چ بنەمایەک شارەوانی سلێمانی ٩١٪ پارەی ماستەرپلانەکەی بەبەڵێندەرەکە داوە، لەکاتێکدا بەبۆچوونی ئێمە نزیکەی ٣٠٪ی کارەکەیان کردووە.

**ئاوێنە:** ئێوە لەراپۆرتەکەدا دەڵێن نزیکەی ٦٠٠ هەزار کەس بێ خزمەتگوزاریو نزیکەی ٥٥٠ هەزاریش بەبێ شوێنی نیشتەجێبوون دەبن، بەڵام سەرۆکی ئەنجومەن دەڵێت حساب بۆ ئەوە کراوە؟

**ل.زانکۆ:** بەپێی ماستەرپلانەکە نیشتەجێبوی سلێمانی ١٠٠٪ زیاد ئەکات، ئەگەر لەئێستادا ٧٥٠ هەزار کەسی تیابێت، پێویستە تاساڵی ٢٠٣٩، جێگەی نیشتەجێبوونی نزیکەی ٧٥٠هەزار کەسی تری بۆ زیاد بکرێت، چونکە بەو رێژەیەی ئێستاوە کێشەی گەورەی نیشتەجێبوونو کەمی خزمەتگوزاری تیایە. هەندێک گەڕەکی شار بەچەند رۆژێک تەنها چەند کاتژمێرێک ئاویان هەیە، ئایا سەرۆکی شارەوانی ئەوە بەخزمەتگوزاری حساب دەکات؟ جگە لەکەمی خزمەتگوزارییەکانی تر.

بەپێی ئەو نەخشەو ئامارەی بەئێمەیان داوە تاساڵی ٢٠٣٩، جێگەی نیشتەجێی نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەسیان بۆ سلێمانی زیاد کردووە، کەجێگەی نیشتەجێی ١٠٠ هەزاریان زانکۆی سلێمانی لەرێگەی وەبەرهێنانەوە زیادی کردووەو ئەوانیش روبەرێکی زەویان دیاری کردووە، کە جێگەی نزیکەی ١٠٠ هەزار کەسی تری تیا دەبێتەوە، ئەی ٥٥٠ هەزارەکەی تر بۆ کوێ بچێت. ئەگەر باسی خزمەتگوزاریش بکەین لەماستەرپلانەکەدا، هیچ شوێنێک دیاری نەکراوە بۆ زیادکردنی خزمەتگوزاری خوێندنگە یان نەخۆشخانەو شتی تر.

**ئاوێنە:** بەپێی وتەی بەرپرسانی شارەوانی، بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران نابێت دەستکاری سەنتەری شار بکرێت؟

**ل.زانکۆ:** ئەگەر ئەنجومەنی وەزیرانیش وایان وتبێت نەیان وتووە بەهیچ شێوەیەک چاکسازی تیا نەکرێت، تۆ ئەگەر خانوویەکی (کاولەت) هەبێت چۆن دەستکاری ناکەیت، ئەوان وتویانە نابێت تەخت بکرێت یان سیمای شارەکە بگۆڕێت، بەڵام نەک تۆ خزمەتگوزاری نەبێتو هیچی بۆ نەکەیت، بەبیانوی سەنتەری شار.

**ئاوێنە:** بەڵام بەرپرسانی شارەوانی ئەوە ناشارنەوە کە راپۆرتی کەمو کورییان هەیە؟

**ل.زانکۆ:** ئەگەر هەیان بوو، بۆچی ماستەرپلانەکەیان ئیعلان کرد، بۆ تانە لێگرتن، دەبێت کاتێک پرۆژە ئیعلان بکرێت بۆ تانە لێگرتن، کە خاوەنی پرۆژەکە خۆی هەموو کەمو کورییەکانی چاک کردبێت. تۆ کەخۆت دەزانیت شتێک هەڵەیە چۆن بەخەڵک دەڵێیت بزانن هەڵەی تیایە یان نا؟ ئایە ئەم بەڕێزانە هاوڵاتیان تاقی ئەکەنەوە یان ماستەرپلانەکە؟

**ئاوێنە:** چۆن دەیسەلمێنن کە ملیارەها دۆلار زەرەر لەسلێمانی دەدرێت؟

**ل.زانکۆ:** ئێمە دەڵێین ئەگەر ئەم ماستەرپلانە جێبەجێ بکرێت، ملیارەها دۆلار خەرج دەکرێتو جێگەی خۆی ناگرێت، کەواتە دەبێتە زیان، بۆ نمونە ئەگەر تەنها یەک هەڵە لەشەقامدا ببێت، رۆژانە چەندەها هەزار دۆلار زیان بەهاوڵاتیانو حکومەتو ژینگە دەگات، لەڕووی کاتو وزە بەفیرۆدانەوە. ئەی ئەگەر هەڵە لەنیشتەجێبونو هەموو خزمەتگوزاریەکانو رێگەوبانو شتی تردا هەبێت، ئەبێ تاسی ساڵی تر رۆژانە چەند زەرەر لەم شارە بکەوێت؟

**ئاوێنە:** لەراپۆرتەکەدا مەبەستتان چیە لەلایەنی نەرێنی (سلبی) لەفەرامۆشکردنی رەهەندی هەرێمایەتی؟

ل.زانکۆ: لایەنە نەرێنیەکانی نەبوونی یان ناتەواوی ئەم خاڵانەو چەندەها نمونەی تر ئەگرێتەوە لەماستەرپلانەکەدا.

١. شێوازی دەستنیشانکردنی بڕی رووبەرو ژمارەی دانیشتوانی شار.
٢. دیاری نەکردنی بنچینەی ئابووری شار.
٣. نارۆشنی رەوتی کۆچ کردنی هاتوو رۆشتوو بۆناو شار.
٤. دەستنیشان نەکردنی پەیوەندی نێوان شاری سلێمانیو شارو شارۆچکەو گوندەکانی ناو پارێزگای سلێمانی.
٥. نارۆشنی شێوازی دابەشکردنی وەبەرهێنان لەناو شاری سلێمانیو پارێزگاکە بەگشتیو چەندین خاڵی تر.

*لیژنەکەی زانکۆ پێکهاتوون لە: سەرۆکی لیژنە (د.ئەمجەد محەمەد عەلی) هەڵگری بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا لەپلانسازی شارو هەرێمایەتی، (م.شازاد جەمال) هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لەپلانسازی شارو هەرێمایەتی، (م.ئاکۆ نوری) هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لەدیزاینی شار، ئەمیرە رەوف یاساناس، رزگار فەتحوڵا لێپرسراوی زەویو زاری زانکۆ. چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ سێ پسپۆڕەکەی بواری ماستەرپلانو دیزایندا سازدراوە.

# نامەیەکی کراوە بۆ
## بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی سلێمانی



کۆمەڵێک منداڵ لەیەکێک لە دایەنگەکاندا — فۆتۆ: کوردۆ

لەگەڵ رێزو پێزانینم بۆ ئەو خزمەتگوزارییانەی کە حکومەتی هەرێم پێشکەشی هاوڵاتیانی دەکات لەگشت بوارەکاندا (کە دەتوانرا زۆر لەوە زیاتریش پێشکەش بکرێت)، بەڵام هەڵسوکەوتی هەندێ فەرمانبەری نابەرپرس وادەکات کە هاوڵاتیان بێزار بکاتو بکەونە گلەییو گازندە لەدەسەڵاتی کوردی کە ئەمەش ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە خانەی گەندەڵیو دژایەتیکردنی ئەو حکومەتەی کە بەری رەنجو خەباتی رۆڵەکانی ئەم گەلە ستەمدیدەیەیە، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی ئەم گەلەیە هەر کەس لەجێی خۆیەوە چەندی پێ دەکرێت دژایەتی ئەو کارە نابەجێیانە بکات بۆئەوەی هەر خزمەتگوزاریەک هەیە هەموو بەیەکسانی سوودی لێوەربگرین، منیش بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم کە یەکێک لەو کارە نەگونجاوانە بخەمە بەردەم بەڕێزتان بۆئەوەی دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی وردو بەدواداچون بڕیاری گونجاو بدەنو کاری یاسایی ئەنجام بدەن.

بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی، لەیەکێک لەدایەنگەکانی سلێمانی بەناوی دایەنگەی (چوارباخ)، هەندێ کاری نایاسایی ئەنجام دەدرێت کە لەم نامەیەدا دەیخەمە بەرچاوی بەڕێزت تکام وایە رێگری لێ بکەیت چونکە لەدەسەڵاتی بەڕێزتدایە نەهێشتنی ئەو سەرپێچیانە کە ئەمانە نمونەی هەندێکیانە:

**یەکەم:** زۆر بەکەمی منداڵانی هەژار لەو دایەنگایەدا وەردەگیرێن (بەبیانوی نەبوونی جێگا) ئەوانەش کە وەردەگیرێن بە واستە یان نامەو نامەکاری نەبێت وەرناگیرێن، لەبەرئەوەی توێژەرەوەی کۆمەڵایەتی ئەو دایەنگایە خۆی لەدایەنگای ئەهلی کاردەکات، بەدایکو باوکی ئەو منداڵانە دەڵێت لەبەرئەوەی جێگە نەماوە منداڵەکانتان بەرنە دایەنگەی ئەهلی (وەک هەموان دەزانین زۆر لەخێزانە فەرمانبەرەکان توانای داراییان نییە منداڵکانیان بنێرنە دایەنگە ئەهلیەکان) بەداخەوە لەبەر لاوازی بەڕێوەبەری دایەنگاکە توێژەرەوەی کۆمەڵایەتیەکە رۆڵی بەڕێوەبەر دەبینێتو کۆنترۆڵی دایەنگەکەی کردوە.

**دووەم:** وەک من ئاگادارم سیستەمی نۆرە لەفەرمانگە رەسمیەکاندا نەماوە، بەڵام لەو دایەنگایە تائێستاش کاری پێدەکرێت بەوەی گشت فەرمانبەرو دایەنەکان بەنۆرە هەر هەفتەی گروپێک دەوام دەکەن (کە ئەمەش کار دەکاتە سەر ژمارەی دایەنەکانو بە ئاگابوون لەمنداڵەکان).

**سێیەم:** ئەم خاڵەیان پەیوەندی راستەوخۆی نیە تەنها بەو دایەنگەیەوە بەڵکو زۆربەی دایەنگەکان ئەگەر هەر هەمووی نەبێت ئەو پاسانەی کە حکومەتی هەرێم دابینی کردووە بۆ گواستنەوەی منداڵان بۆ دایەنگەکانو بەپێچەوانەوە بۆ ماڵەکانیان لەلایەن فەرمانبەرانەوە بەکاردێت کە ئەمەش وادەکات خاوەن منداڵەکان لەسەر گیرفانی خۆیان ئۆتۆمبێل بگرن بۆ گواستنەوەی منداڵەکانیان کە ئەمەش بارگرانیە بۆ سەرشانی خێزانە هەژارەکان.

بۆیە داواکارم لەبەڕێزتان کاری پێویست ئەنجام بدەن بۆئەوەی دڵسۆزی خۆتان بسەلمێنن بەرامبەر بەدانیشتوانی شارەکەمان کە هیچ گومان نییە لەدڵسۆزی بەڕێزت.

**باوکی منداڵێک**

# پیرۆزبایی

بەناوی ستافی کۆمپانیای ئاوێنەوە پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی هەردوو هاوڕێمان (ئاراس فەتاحو چۆمان هەردی) دەکەین، بەبۆنەی چوونە ناو ژیانی هاوسەرییانەوە هیوادارین ژیانێکی بەختەوەر بەسەر بەرنو هەمیشە لەخۆشیو شادیدا بن.

**ستافی کۆمپانیای ئاوێنە**

# روونکردنەوەیەک

دەربارەی وتەکانی پۆلیسی خانەنشین (باهر تاهر عبدالرحمن) کە لەهەفتەنامەی (ئاوێنە) ژمارە (٢٣٥) لە (٢٠١٠/٨/٣)و ژمارە (٢٣٨) لە (٢٠١٠/٨/٢٤) بڵاوکراوەتەوە ئەم روونکردنەوەیەمان بەپێویست زانی.

بە پێی یاسای راژەو خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١) ساڵی (١٩٧٨) راستکراوە، هەر کارمەندێک لەکاتی ئەرکی فەرمی توشی رووداوی پێکان بێت مۆڵەتی نەخۆشی پێ دەدرێتو ئەگەر دوای وەرگرتنی مۆڵەتەکان بە پێی یاسا کارمەندەکە چاک نەبوو، ئەوا دەدرێتە لیژنەی پزیشکی بۆ دیاریکردنی رێژەی پەککەوتەییو ئەگەر لیژنەی پزیشکی بڕیاریدا رێژەکەی لە (٦٥٪) زیاترە، ئەوا کارمەندەکە خانەنشین دەکرێت. دوای بڕیاری لیژنەی پزیشکی لای ئێمەش ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە پێک دەهێنرێت بۆ ئەوەی بزانین راستە لەکاتی راژە بووە یان بەپێچەوانەوە. ناوبراویش بەپێی بڕیاری لیژنەی پزیشکی ژمارە (٢٩٦٧) لە (٢٠٠٨/٨/٦) دەرکەوت رێژەی پەککەوتەیی (٦٥٪) بووە. پاشان ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەی بۆ پێکهێنراوەو دەرکەوتووە لەکاتی راژە بووە، بۆیە بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (١٦٣١٧) لە (٢٠٠٨/١١/٣٠) خانەنشین کراوەو گشت مافەکانی خانەنشینی وەرگرتووە (لەجیاتی مۆڵەت) (بدل اجازات)وموچەی خانەنشینی. بۆیە ناوبراو پاش خانەنشین بوونی هیچ مافێکی لەسەر بەرێوەبەرایەتییەکەی خۆی نامێنێت. بۆ زانین، مەبەستی سکرتێری بەرێوەبەری گشتی پۆلیس ئەوە بووە کە ناوبراو بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ کراوە گشت مافەکانی خۆی وەرگرتووە. بۆ زانین، پەیوەندیمان کرد بە بەڕێز (لیوا/ محمد سابر هەمەوەندی) بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی ئەو کات لەهەولێر وتی "بە هیچ شێوەیەک ناوبراو داوای یارمەتی نەکردووە کاتی خۆی، ئەوانیش یارمەتییان داوە، بە لەبەر چاوگرتنی نەخۆشییەکەی.

**ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم**

# هەلی کارکردن
# لە قوتابخانەی جونیەر

JBS

قوتابخانەی جونیەر پێویستی ئەم پۆستانەی خوارەوە بۆ ساڵی خوێندنی تازە ٢٠١٠-٢٠١١ رادەگەیەنێت.

١.مامۆستای ئینگلیزی، دەرچووی زانکۆ یان کۆلێژی بنەرەت
٢.مامۆستای عەرەبی، دەرچووی زانکۆ یان کۆلێژی بنەرەت (Part time)
٣.مامۆستای وێنە، دەرچووی زانکۆ یان کۆلێژی بنەرەت (Part time)
٤.مامۆستای وەرزش، دەرچووی زانکۆ یان کۆلێژی بنەرەت (Part time)
٥.سکرتێرە، تایبەت بە مێ (باشتر وایە شارەزا بێت لەکۆمپیوتەرو زمانی عەرەبیو ئینگلیزی)
٦.هاندی مان (کارگوزاری نێر)، تایبەت بەراپەراندنی حانوتو کاروباری چاکسازی ....هتد

کەسی ئارەزوومەند دەتوانێت سەردانی قوتابخانە بکات لەشەقامی سەرەکی سالم-تەنیشت سەنتەری سەرچنار بۆ پرکردنەوەی فۆرمی تایبەت بە وەرگرتن یان (C.V) هاوپێچ بکات بۆ ئەدرەسی juniorprivateschool@yahoo.com

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە ژمارە تەلەفوونی:

٣١٣٣٢١٤ - ٠٧٧٠٥٤٥٦١٢٥ - ٠٧٧٠٥٤٥٦١١٥

www.
Awene
.com

# هەلی کار
# لەکۆمپانیای لۆلانەوە

**کۆمپانیای لۆلان بۆکەلو پەلی ناومالو فەرمانگاکان پێویستی بەچەند کارمەندێکە لەبوارەکانی ژمێریاریو مارکێتین/ فرۆشیار بەم مەرجانەی لای خوارەوە:**

١. شارەزایی لەو بوارانەدا هەبێت.
٢. توانای خۆ تەرخانکردنی هەبێت بۆ کارەکەی.
٣. کارمەندی ژمێریار هەڵگری بڕوانامە بێت لەو بوارەدا.
٤. چانسی هەردوو رەگەز وەک یەکە.

**خوازیار بۆ ئەم پۆستانە دەتوانێت هەتا رۆژی (٢٠١٠/٩/٢٠) سەردانی کۆمپانیای لۆلان بکات، شەقامی شەستی رزگاری تازە.**

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەژمارە
تەلەفۆنی ٠٧٤٨٠١٤٧١٧٢ یان
مۆبایلی ٠٧٥٠١١١٤٣٩٢